# " گەڕانەوە بۆ كەركووك"

## " بەرهەمێكی تازەی سینەماكاری كورد كارزان شێرەبەیانی "ە

فەخرەدین گەرمیانی / كۆنگۆ

هونەری حەوتەم كە سینەمایە یەكێكە لە كاریگەرترین هونەرەكانی جیهان ، و لە وڵاتانی پێشكەوتوودا كۆمپانیاكانی بەرهەمهێنانی فیلمی سنەمایی ملیۆنان دۆلار خەرج دەكەن بۆ دروستكردنی هەر فیلمێك ، یەكێك لە لقە گرنگەكانی سینەماش فیلمی دیكۆمێنتییە ، كارزان شێرەبەیانی سینەماكار یان فیلمكارێكی بە سەلیقەو بە توانای كوردە و خەڵكی شاری گڕی هەمیشەیی باوەگوڕگوڕە ، كارزان خاوەنی چەندین بەرهەمی بە پێزە ، بەرهەمەكانی لە زۆر فیستیڤاڵەكاندا و كەناڵەكانی تەلەفزیۆنی دەرەوەدا ئامادە بووەو نیشاندراون ، زۆربەمان فیلمی "براكانی كارزان" ی لە یادە كە نەهامەتییەكانی كۆچكردنی كوردانی بە شێوەیەكی پرۆفیشناڵ بەرجەستە كردووە ، لەم بەرهەمە تازەیەدا كە هێشتا بە فەرمیی دابەش و نیشان نەدراوە ، بڕیاروایە بۆ یەكەمجار لە فیستڤاڵی فیلمی ئەمساڵ لە لەندەن لە مانگی داهاتووی كانوونی یەكەم 2006 كە كوردە چالاكەكانی بەریتانیا هەڵدەستن بەڕێكخستنی ، و ئەم بەرهەمەی كارزانیش لەو فستڤاڵەدا نمایش دەكرێت .



## دیمەنێک لە فیلمی گەڕانەوە بۆ کەرکووک

هەرچەندە من و کارزان خەڵکی یەک شارین بەڵام لە نزیکەوە یەکتر ناناسین ، من لە ڕێگەی هونەرمەند عەدنان کەرکووکی (کە هاوڕێی کارزانە و منداڵی یەک گەڕەکن لەگەڵ کارزان و هەردووکیان هونەرمەندی بە توانان لە بواری سینەمادا) و هەروها لە ڕێگەی بەرهەمە بە پێزەکانی و ئەویش لە ڕێگەی نووسینەکانمەوە یەکتر دەناسین و بەڵکو تا ڕادەیەکی باشیش بۆچوونی هەردوکمان دەربارەی کەرکووک بە تایبەتیی و کوردستان بە گشتیی یەکدەگرنەوە ، هەمیشە لە نزیکەوە چاودێریی و سۆراخی بەرهەمەکانی دەکەم.

ماوەیەک لەمەوبەر تەماشای هەندێک لەبەرهەمەکانیم لەسەر ماڵپەڕە کوردییەکان کرد و چاوەڕوانی شتی تازەمدەکرد ، ڕۆژێکیان فیلمکارێکی دیکەی بەریتانی پێوەندی پێوەکردم لە کۆنگۆ و گوتی من هاوڕێ و هاوپیشەی کارزانم و خەریکی کارێکی هونەریم لە ئەفریکا و منیش بە ئیمایلێک کارزانم ئاگەدارکردەوە و پرسیاری تازەترین بەرهەمی هونەریم کرد و بە سوپاسەوە ئەم بەرهەمەی بۆ پۆست کردم هەرچەندە تا نووسینی ئەم بابەتە بڵاو نەکراوەتەوە.

گەڕانەوە بۆ کەرکووک بەڕاستی منیشی گەڕاندەوە بۆ کاتی منداڵی و هەرزەکاریی و کۆتایی ساڵەکانی شەستەکان و سەرەتای ساڵەکانی حەفتا ، بەهەر حاڵ من لەسەر لایەنی تەکنیکی فیلمەکە قسەناکەم چونکە لایەنە هونەرییەکانی سینەما تەنیا پسپۆڕی ئەو بوارە دەتوانێ قسەی لەسەر بکات ، بەڵام من وەک بینەرێکی هونەردۆست تەماشای فیلمەکەم کرد.



## کارزان و قەڵای کەرکووک

حەزمکرد هەندێک بۆچوون و سەرنجی تایبەتیی خۆم بنووسم دەربارەی بەرهەمەکە ، لەسەرەتای فیلمەکە وا دەزانی کە ئەمە فیلمێکی بیۆگرافیای تایبەتە تەنیا بە ژیانی هونەرمەندەکە و گێڕانەوەی یادگارییەکانێتی ، بەڵام لەناکاوا هەموو شتێک دەگۆڕێت و کارزان زۆر زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ کامیراو دیمەنەکانا دەکات ، دیمەنەکانی شارەزایانەو جوان تێهەڵکێشی یەکتر دەکات بە تایبەت لە زەمنێکەوە دەپەڕێتەوە بۆ زەمەنێکی دیکەو ڕووداوێکی جیاواز.

وێنەی هەموو لایەنەکانی کەرکووکی گرتووە لە عارەبی هاوردەوە تا دەگاتە جاشەکانی ئەتاتۆرک (بەرەی تورکمانی) بەکرێگیراوی تورک و دوژمنی سەرسەختی کورد کە لەو دیمەنەدا هەزار سوێند دەخۆیت بەرانبەر کامیراکە دەڵێی سەگن دەحەپن نەک مرۆڤگەلێک کە هوتاف دەکێشن بە باڵای تورک و گورگە بۆرەکانی...

بەلای منەوە جوانترین دیمەن دیمەنی ئەو کچە کوردانەن کە لە کۆلیژی پۆلیس خەریکی مەشقن و پێشکەوتنی ئافرەتی کورد نیشان ئەدات ، وێڕای ئەو هەموو ستەمەی لە ژنی کورد دەکرێت ، بەڵام خەریکە لەو قاوغە کۆنەی سەدان ساڵە لە ناویدا گیریی خواردووە دێتە دەرەوەو بوونی خۆی وەک بەشێکی گرنگی کۆمەڵ دەسەپێنێت ، دەست خۆش ژن و کچانی کوردستان بۆ ئەو هەنگاوە بوێرانەو شکاندنی ئەڵقەکانی کۆیلەیی کە سەدان ساڵە لە دەست و پێتان ئالاوە.

کارزان ماوەیەکی زۆرە ئاوارەی هەندەران بووە بەڵام کاتەکەی بە فیڕۆ نەداوەو خۆی بەهونەرەکەیەوە خەریک کردووە و ئێستا لە ڕیزی پێشەوەیە و بەرهەمەکانی هەمیشە لە کەناڵی **4** ی بەریتانیا پەخش دەکرێت .

کارزان ئاگەداری کردمەوە کە ئێستا خەریکی پرۆژەیەکی دیکەیە وەک کامیرامان و بۆ وێنەگرتنی دیمەنەکان دەبێت سەفەری وڵاتانی (فلیپین ، کۆنگۆ برازاڤیل ، سودان ، ....) بکات ز

جوانکاریی زۆری لەم فیلمەدا کردووە و بە زمانێکی پاراوی ئینگلیزی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و کامیرامانەکەش شارەزایانە وێنەکان دەگوازێتەوە ، نامەوێ لەمە زیاتر زانیاریی لەسەر بەرهەمەکە بدەم و تام و چێژی کەم بێتەوە ، کاتی خۆی کە دەچوینە سینەما وا ڕێکدەکەوت کەسێک کە بۆ دووەم جار یان زیاترە فیلمەکەی بینیوە ئیتر بە دەنگێکی بەرز یەک لە دوای یەک ڕووداوی فیلمەکەی دەگێڕایەوە و تامی فیلمەکەی نەدەهێشت بۆیە چیتر باسی ناکەم و هیوادارم لە کوردستانیش نمایش بکرێت چونکە شایانی بینینە .



کارزان و خێزانە ئاوارەکانی ناو یاریگای گەڕەکی شۆرجە

زۆر لە هونەرمەندانی کوردستان دەڵێن تاکو ئێستا بەڕاستیی سینەمای کوردی درووست نەبووە ، هەرچەندە سینەماکارانی کورد چەندین خەڵاتی گەورەیان پێبەخشراوە ، لێرەدا داواکارم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەڕاستیی پشتگیریی سینەماکارانی کورد بکات وەک دەزانین لەم ساڵانەی دوواییدا چەندین سینەماکاری لێهاتووی کورد هەڵکەوتووە وەک (مەهدی ئومێد ، کارزان شێرەبەیانی ، بەهمەن قوبادی و چەندین سینەماکاری کوردی دیکە).

لێرەدا جێگای خۆیەتی کە پێشنیارێک بکەم بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیریی کوردستان کە ساڵانە فیستڤاڵێک بۆ نیشاندانی فیلمی کوردی ڕێکبخات کە سینەماکارانی هەموو پارچەکانی کوردستان لە خۆ بگرێت.

لە کۆتاییدا هیوای سەرکەوتن بۆ هونەرمەند کاکە کارزان دەکەم و چاوەڕوانی بەرهەمی زیاتری لێدەکەین بۆ خزمەتی هونەری کوردیی و دۆزی ڕەوای گەلەکەمان.

2006-11-12